# منداڵ لە کۆمەڵگەی کۆن و نوێداو

# هەلومەرجی گەشەکردنی رۆشنبیریی منداڵ



لەتیف هەڵمەت

خەساندنی منداڵانی بێتاوان بە شێوەیەکی فەرمی و بە بڕیارو فەرمانی شاهانە، کرد بە کلتوورێکی هەرە دیاری خۆی و زۆر دڕندانە پەرەی بەو کلتووورە دەدا بە تایبەتی و بە گشتی لە ناو منداڵانی گەلانی لە شەڕدا تێکشکاودا.. لەناو ئەو هەموو تەوژمە فەلسەفی و وێژەیی و رەوانبێژیی و سەرکێشی و یاخیبوون و بگرەو بەردەیەدا، دەوری منداڵ و بایەخدان بە منداڵ و نووسین لەسەر منداڵ نییەو هەشبێ شتێکی زۆر دەگمەنەو دەورو رۆڵی منداڵ هەر ئەوە بووە مەیگێڕی بارەگای دەسەڵاتداران بێ یاخود لێرەو لەوێ شاعیرێکی وەکو ئەبو نەواس شیعری ئارەزووبازییان لەسەر بنووسێ.. ئەگینا نە کەم و نە زۆر لەو سەردەمەدا مافی ژیانی منداڵ رەچاو نەکراوە.. لەم بۆچوون و لێکدانەوەو بەدواداچوونەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە لە هیچ قۆناغێکی مێژوویی ژیانی مرۆڤایەتیدا لە سەرەتای داهێنانی نووسینەوە تاوەکو سەدەکانی ئەم دواییە، هیچ شاکارێکی نووسراو بۆ منداڵ و دەربارەی منداڵ لە هیچ بوارێکی دەروونی و وێژەیی و هونەریی و پەروەردەیی و هتد ..نەهاتۆتە کایە. ئەمە لە کاتێکدا دەیان شاکاری وەکو ئۆدیسەو ئەلیازەو داستانی گەلگامش و سەدان سروودی ئاینی دەربارەی خواوەندو پاڵەوانە ئەفسانەییەکانی میسری کۆن و بابل و نەینەواو ئوورو رۆمان و ئەسینا لە هەموو سەردەمە کۆن و دێرینەکاندا نووسراوەو بووەتە کلتوورێکی پیرۆزو مرۆڤایەتی و شارستانییەت و ژیاری ئەمرۆو داهاتوو شانازی پێوەدەکەن و ململانێی جۆر بەجۆری لەسەر بەرپا دەکەن.. هەر بۆ نموونە عیراق شانازی بەوەوە دەکات کە داستانی گەلگامش دەقێکی عیراقییە.. شایانی باسە دەقی لەمجۆرە دەربارەی منداڵ نییە... ئەم حاڵەتەش بازنە داخراوەکانی پرسیار دەقرنجێنێت و

ناچارمان دەکات راستەوخۆ بپرسین: بۆچی لەوجۆرە دەقەو هیچ جۆرە دەقێکی دی کە پەیوەست بێ بەژیانی منداڵ و مافی منداڵ و منداڵێتییەوە نییە؟ ئایا نەبوونی دەقێکی لەوجۆرە ئەوە ناگەیەنێ کە کۆمەڵگەکانی کۆنی مرۆڤایەتی بەپێی پێویست ئاوڕیان لە منداڵ و منداڵێتی نەداوەتەوە؟ ئەوەش روونناکاتەوە کە بە شێوەیەکی گشتیی هەموو ئەو کۆمەڵگایانە کێشەکانی منداڵی سەردەمی خۆیان بە هەند نەزانیوەو بەردەوام هەر خەریکی پەروەردەو مەشقپێکردن و راهێنانی لاوان بوون بۆ جەنگی داگیرکاری و زۆرانبازی و شەڕو کوشتارو راووشکارو لایەکی ئەوتۆیان لە منداڵ و کێشەکانی منداڵ نەکردووەتەوە لەو قۆناغانەدا دیاربێ و بووبێت بە دیاردەیەکی ئەو قۆناغانەو بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەریی هەبووبێ لەسەر رەوتی پەروەردەیی و رۆشنبیریی و هزری منداڵانی ئەو سەردەمە ..بەرای من هۆکاری سەرەکیی ئەو دیاردەیە ئەوە بووە کە ئەو کۆمەڵگایانە کۆمەڵگاگەلێکی شەڕانی و دڵڕەق و بێ و بەزەیی بوون و لەبەرئەوەی هەست و سۆزی ناسکیان خستۆتە سەر نووکی رم و شمشێرو ژێر سمی ئەسپەکانیانەوەو رەخساندنی بارودۆخی پەسەندو گونجاو بۆ رۆشنبیریی منداڵ و بیرکردنەوە لە دابینکردنی مافەکانی منداڵ، راستەوخۆ پەیوەندی بە هەست و سۆزی ناسکەوە هەیە، چونکە هەست و سۆزی ناسک واتای جوان بە ژیانمان دەبەخشێ و تین و تاوو وزەو ورەی بەردەوامیمان دەداتێ و هانماندەدات بەسەر نووشوستییەکانماندا زاڵ بین و کشتەکی دۆستایەتی و هاریکاری و گیانی برایەتییمان لەلا بەهێزدەکات و ئەرکی سەرشانی بەرپرسانی پەروەردەو خوێندنە کە لە هەموو قۆناغەکانی تەمەنی منداڵیدا هەست و سۆزی ناسک لە دڵ و دەروونی منداڵاندا بچێنن ..پسپۆڕانی نوێی پەروەردە ئەوەیان سەلماندووە کە ئەو منداڵەی هەست و سۆزی ناسک نییە، منداڵێکی کەمتەرخەم و گۆشەگیرو دڵڕەق و شەرەنگێزی لێ دەردەچێ و واتای راستەقینەی هاوڕێیەتی و خۆشەویستی و چاکە خوازی نازانێ.. نووسەرو پسپۆڕی بوای منداڵی رووسی (لیۆنید ریۆنشسگی) لەگەڵ ئەوەدا نییە زیاد لە پێویست ناز بە منداڵ بدرێ و بەر بۆ هەموو خواستەکانی بەرەڵڵا بکرێ و لە نووسینێکیدا باسی ئەوە دەکات کە منداڵێک باوکی لێی تووڕە دەبێ و دەستدەکات بە گریان و دایکی بۆ ئەوەی ژێری بکاتەوە پێی گوت رۆڵەکەم- بینیاس- گیان ئەم باوکە پیسە چییە دەی تۆش لێیدەو بیهێنە گریان... بەوجۆرە منداڵەکە بە چەپۆک بە باوکی خۆیدا کێشاو باوکەکەش وای نواند کە دەگری.. لیۆنید ریۆنشسکی دەڵێ ئەمجۆرە پەروەردەیە خەسڵەتی ناپەسەند لە دڵودەروونی منداڵدا گۆشدەکات و منداڵ دەبێ وا گەورە بکرێ رێزی کەسانی ناو خێزانەکەی بگرێ و بە تەنگی هاوڕێکانی قۆناغگەلی خوێندنییەوە بێ. دڵسۆزی و بەزەیی بەرامبەر کەسانی لێقەوماوی ناو کۆمەڵگە هەبێ و لەم بارەیەوە نموونە دێنێتەوەو دەڵێ (پاشچینکۆ (پیرەژنێکی نەخۆش بوو، بە تەنها دەژیاو هەندێ لە منداڵانی گوندەکە لە کاروباری کێڵگەکەیدا یارمەتییان دەدا.. مامۆستاکەیان سوپاس و ستایشی کردن و گوتی دەستتان خۆش بێ ئەم پیرەژنە هەموو کوڕەکانی لە شەری بەرگریدا لە نیشتمان کوژراون.. کە منداڵەکان بەمەیانزانی ئیتر رۆژانە زیاتر یارمەتییان دەداو لە کاروباری ماڵ و کێڵگەدا هاریکارییان دەکرد.. بەمجۆرە مامۆستا بوو بە هاندەرێک بۆ ئەوەی منداڵە قوتابییەکان زیاتر خێرخوازبن و زیاتر یارمەتی دایکە پاشچینکۆ بدەن..

جارێکیان منداڵێکی لاسار زۆر ئەشکەنجەی پشیلەیەکی داو باوکی منداڵەکە گوتی ئەگەر پشیلەکە گازێکت لێبگرێ ژان دەکات؟ لە وەڵامدا منداڵەکە گوتی ئەرێوەڵڵا ژاندەکات و دەگریم ..باوکەکە گوتی ئەم لێدانەی تۆش ژان بە پشیلەکە دەگەیەنێ و دەیخاتە گریان.. ئیتر منداڵەکە پەشیمانی دەربڕی و بەزەیی بە پشیلەکەدا هاتەوەو لەو کاتە بەدواوە ئازاری پشیلەکەی نەدا... باوکەکە لێرەدا شێوازێکی پەروەردەیی جوانی بەکارهێناو لە منداڵەکەی تووڕە نەبوو... هەروەها نەیگوت واز لە پشیلەکە نەهێنی لێتدەدەم و وەهاو وەهات لێدەکەم ..بەڵکو هات و منداڵەکەی تێگەیاند کە پشیلەکەش وەکو خۆمان

ئەشکەنجەی بدەی هەست بە ئازارو ژاندەکات و بەم شێوەیەو لەم ڕێگەیەوە ژێی بەزەیی منداڵەکەی هەژاندو وایلێکرد ئیتر سزای پشیلەکە نەدات.



وەکو پسپۆڕانی پەروەردە دەڵێن ڕێگەی تریش زۆرە بۆ ئەوەی منداڵ بە جۆرێک گۆش بکرێ هەست ناسک و پڕ بەزەیی و ورەبەرزو خاوەن هەڵوێستی جوان بێ و یەکێک لەو ڕێگایانە ئەوەیە کە بواری خوێندنەوەی کتێب و گۆڤارو نامیلکەی منداڵانی بۆ بڕەخسێنرێ و کاتیشی بۆ دابینبکرێ بۆ بینینی فیلم و شانۆگەری خێرخوازی و چاکەکاری و هاریکاری کۆمەڵایەتی. شایانی باسە سەرکوتکردن و تانەو توانج و پلارگرتنە منداڵ لەلایەن کەسانی گەورەی ناوخێزانەوە، دەبێتە هۆکاری بریندارکردنی کەسایەتی منداڵ و ئەو منداڵە بەوشێوەیە گۆش و گەورەدەبێ، کاتێ دەبێ بەباوک، یاخود بەدایک هەمان شێوازی پەروەردەی دایک و باوکی ڕەچاودەکات و منداڵگەلێک پەروەردە دەکات کە بۆ ڕۆژگاری خۆی ناشێت و پێچەوانەی ئەو پەروەردەیە دەردەچێت کە کۆنفۆشیوس وتوویەتی ئەویش ئەوەیە کە (منداڵانمان... منداڵی چاخی خۆمان نین، منداڵی چاخی خۆیانن...) شتێکی تریش هەیە، ئەویش ئەوەیە گوێگرتن لە منداڵ و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی، کەسی بەرامبەر لەلای منداڵ خۆشەویست دەکات و منداڵ زۆر ڕێزی ئەو کەسە گەورانە دەگرێت کە وەڵامی پرسیارەکانی دەدەنەوەو ئەوکەسە بەزاناو لێهاتوو دەزانێ و حەزدەکات هاوڕێیی بکات و سوودو بەهرەی لێوەربگرێ و بە پێچەوانەشەوە ئەوکەسانە بەگێل و گەوج و گەمژە دەزانێ کە گوێی لێناگرن و وەڵامی پرسیارەکانی نادەنەوە، دایک و باوک دەتوانن شەوان لە کاتی پێشخەوتندا چیرۆکی جۆربەجۆر بۆ منداڵەکانیان بگێڕنەوەو لەم ڕێگەیەوە زانیارییەکانی منداڵەکانیان پەرەپێدەدەن و پەیوەندی دۆستایەتیشیان لەگەڵدا توندوتۆڵ دەکەن .هەروەها وەکو نووسەرو پەروەردەکاری ئەڵمانیای دیموکراتی (ئەلیزابێس ماخ ( ڕوونیدەکاتەوە، پێویستە دایک و باوک منداڵان فێری ڕاستگۆیی و دڵسۆزیی و خۆشەویستی سروشت و جوانی و دادوەری بکەن و ئاشنای باخچەی ئاژەڵان و کتێبخانەیان بکەن و هۆگری وەرزش و مەلەوانی و گەشتوگوزاری شوێنە مێژووییەکانیان بکەن و دەبێ ئەوەشی لەلا دروستبکەن و بچەسپێنن کە نابێ لە جیهانێکی پڕ لە گورگ و دڕندەدا ئەو بەرخۆڵەو کارژۆڵەو کارمامز بێ، لەبەرئەوە پێویستە گیان و وزەی بەرگری تیادا بچێنن و هەر ئەو گیانەشە کە گەلێ منداڵ والێدەکات بڕۆنە بوارەکانی پاڵەوانبازییەوەو لە وەرزشی مشتەکۆڵەدا خەڵاتی گەورە گەورە وەدەستبێنن. هەروەها لە پەروەردەی نوێدا ئەوە پەسەندنییە دایک و باوک بە منداڵ بڵێن دەبێ ببێ بە پزیشک، یاخود ئەندازیار... هتد، بەڵکو دەبێ بواری منداڵ بدەن خۆیان لە قۆناغی لاوێتیدا پاشەڕۆژی خۆیان دیاریبکەن و بڕیاربدەن ببن بەچی، لەم بارەیەوە نووسەرو پسپۆڕی پەروەردەی ڕووسی لێولیڤشین دەڵێ: خێزانێک دەناسم بەزۆر کوڕەکەیان نارد بۆ کۆلێژی ئەندازیاری، بەڵام کوڕەکە نەیتوانی تەواوی

بکات و شکستی هانی و نامەیەکی ئاڕاستەی دایک و باوکی کردو تیادا ئەوەی روونکردەوە کە لە کۆلێژی ئەندازیاریدا شکستی هانیوەو هەوڵی ئەوەدەدات خۆی بۆ بوارێک ئامادەبکات کە لە توانایدا هەیە بە تەواوی تیایدا سەربکەوێ، هەر لەم بوارەدا باسی کچە قوتابییەک دەکات کە حەزدەکات ئێواران لە کتێبخانەی گوندەکەیاندا لەگەڵ قوتابیانی هاوڕێیدا خەریکی ڕێکخستن و پاککردنەوەی کتێبی کتێبخانەکە بێ و بە چاککردنەوەی بەرگ و لاپەڕە دڕاوەکانی کتێبی کتێبخانەکە خزمەتی گوندەکەیان بکات، بەڵام دایکی ڕێی نەدەداو نەیدەهێشت، بۆ چارەسەرکردنی ئەم گێچەڵە مامۆستای کچە قوتابییەکە دایکی کچەکەی بانگهێشت کرد بۆ قوتابخانەو بردی بۆ کتێبخانەکەو بەچاوی خۆی منداڵە هاوڕێکانی کچەکەی خۆی بینی بە هەرەوەزی خەریکی خزمەتگوزاریی کتێبخانەن و ئیتر پەشیمانی دەربڕی و بواری کچەکەیداو کچەکەشی هەستی بەوەکرد کە ئازادی پێدراوەو بەوهۆیەوە زیاترو زیاتر دایکی خۆشویست، بەڵام ئەگەر دایکی ئەو بوارەی بۆ نەڕەخساندایە، کچەکە رقی لە دایکی هەڵدەگرت و لەبری ئەوەی فێری خۆشەویستی ببێ، فێری رقەبەرایەتی دەبوو.

گەلێ ڕێگەی دی هەیە بۆ ئەوەی منداڵ کارامەو رۆشنبیربێ، دایک و باوک لە پەروەردەکردنی منداڵدا رەچاوییبکەن، هەر بۆنموونە ئەگەر شالا داوای بووکە شووشەیەکی کردو پارەیان نەبوو لەوکاتەدا بیکڕن و دایکی وتی شالا گیان چوار رۆژی دی سەری مانگەو مووچە وەردەگرین و بۆت دەکڕین، بەڵام شالا هەر گریاو وتی دەمەوێ ئێستا بڕۆین بۆ بازاڕ بیکڕین، لەوکاتەدا دایکی بچێ لە کتێبخانەکەی ماڵەوە کتێبێکی منداڵان بۆ شالا بێنێ و پێی بڵێ ئەم کتێبە چوار چیرۆکی خۆشی منداڵانی تیایەو هەر رۆژی چیرۆکێکیان بۆ خۆت بخوێنەرەوە، کە چیرۆکەکانت خوێندەوە بووکە شووشەکەت بۆ دەکڕم، بڕوانە کچی خۆم تۆ ئەمڕۆ چیرۆکی یەکەمیان بخوێنەرەوە ئەوە سێ چیرۆکی دەمێنێ و سبەینێ چیرۆکی دووەمیان بخوێنەرەوە، کە دووەمت خوێندەوە دوو چیرۆک دەمێنێ بیخوێنیتەوە، کە سێیەم چیرۆکت خوێندەوە یەک چیرۆک دەمێنێ بیخوێنیتەوە، واتا یەک رۆژی دەمێنێ مووچە وەربگرین و بووکە شووشەکەت بۆ بکڕین و کاتێ چیرۆکی چوارەم دەخوێنیتەوە، ئیتر مووچە وەردەگرین و دەچین بۆ بازاڕو بووکە شووشەکەت بۆ دەکڕین، بەم شێوازە دایکەکە لەلایەکەوە کچەکەی فێری ئارامگرتن دەکات و لەلایەکی دییەوە خولیای خوێندنەوەی لەلا دروستدەکات.

*بۆ ئەم نووسینە سوود لە کتێبی- مقالات فی التربیە الحدیثە- وەرگیراوە، کە نووسەری عێراقی خضیر عباس اللامی لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە عەرەبی.